# ئەو هەر لە شۆڕەبی ئەچێت

گۆریان



بێ ئەوەی نێرینەیەکی کردبێتە هاوسەری
ژان دایگرتو خوداش
بە گەڵای دارخورما ماڵێکی بۆ دروست کرد
ئەو ماڵەی لە دارخورما دروستکرێت
دەرگاو پەنجەرەی نییە
هەناسەی تیادا نادرێت
نەسیم پیایا گوزەر ناکات
هەر مۆمێك تیایا دابگرسێنیت ئەکوژێتەوە
ئەو... لەبەردەم زریانی ژانا
بێباوەڕ ئەبوو لە شەرافەتی خۆی

تەمەنناى مردنى ئەكرد
ئەو… بەتەنيا ساڵێك نەهاتى عومرى بوو
بەتەنيا ساڵێك پرچەكانى بەدەستى خەڵكەوە بوو
بەتەنيا ساڵێك
بنێشتێكى خۆش بوو لە دەما
ئەو شۆڕەبيية دڵ مەحزونە
خدرى زيندە ديدارى نەكردبوو
خدرى زيندە… بێزار ئەبوو لە شاردنەوەى سێوەكان
ئەو پياوێك بوو لە تارمايى
كە دەهات كەنزى ئاڵتونى
دەدۆزييەوە بۆ مناڵێكى پرۆليتار
كەڤاڵى عاشوراى دادەڕشتەوە
ئاهوراش لە ئاتەشگايەكدا
لە ناو لەپى دەستى خۆيا ئەسوتا
ئەو سارايەى تەى ئەكرد
لە دڵێك رائەما خوێنى خۆى دەفرۆشت
چاوێكى نيگا دەكرد
كلى دەتواندەوە
پەنجەيەكى خۆڵەمێشين
نازێكى هەرمێين لەو گەرمەسێرا
دارشەقێك كە لە زەمەنى جەنگدا پێويستە
هەموويانى كۆكردەوەو
مرۆڤێكى كامڵى لێ دروست نەبوو
ئەو شۆڕەبيية لەگەڵ تەنياييدا
چەندين جار سەماى باليى كردووە
تەنيايى فێركردووە لەگەڵ خۆيدا هەڵبكا
من گوێم لە دەنگى ئەو نەبووە
بەڵام ئەڵێن دەنگى خۆشەو
تريفەى لاواندووەتەوەو
هەموو ساڵێك لە كۆچى مەلاندا
هاوارى كردووەو
وتويەتى:
دەخيلا حاجى لەقلەق
مارى زەردو سوور لێرەيە
سەيرە مەلێك هەيە ناوى شوان خەڵەتێنەرە
بەو هەموو پەڕەوە

که ئەنوێت جەفای وەرینی گەڵاکان ئەبینێت
بەڵام ئێواران مەڕەکان بە لاڕێدا ئەبات
دەیانباتە شەتڵگەیەکی مێنو
ناهێڵێت ئەو خورییە جوانانەیان
کوڕە کوردێك پوزەوانەیەکی لێدروست بکات..
لەو دەشتە کاکی بە کاکییەدا
شۆڕەبی هەرجوانەو
هەر کاتێك دڵتەنگ ئەبێت
ئاسمان چەند پەڵە هەورێکی دەداتێ
رووخسەتی پێ ئەدا سەرهەڵبڕێت..
ئەو دەورانەش تەتەرەکانی عوسمانلی هاتن
ئەگەرچی ئەم مەریەم نەبوو
بەڵام لە سەرهەڵبڕینا شەرمی ئەکرد
ژیان هەر بە سرووشت وایە
ئەو کاتەی رۆحت جیلوە ئەکات
هەموو دنیات لێ ئەبێتە میحراب
کە پیاوەکانی قاجاریش هاتن
ئەم لە هۆشی خۆی ئەچوو
نۆرەی ئاویان پێ ئەگۆڕی
لە ئاسمانەوە دایان ئەگرت و
لە ژێر دەوارێکی رەشا
ئەیانویست نێوان هەردوو رانی پڕ بکەن لە خوێن
عەیامێکە.............
هەر کاتێك گەردەلوولی زیخن
لە باشوورەوە هەڵی کردبێ
ئەم تا دای گرتووەو
چەند بنچکێك هەریەکەیانو
لەسەر ئاینی خۆیان نزایان کردووە
خودایا.. پەنامان هەر تۆیە
دەستی ئێمە هیچی تیانییە دەستی تۆ پڕە
مەرکانەی ئێمە خاڵییەو
تۆش ئاسمانت هەیە
زیخەکانی باشور
یەك رەنگن....
وەك شەوێکی یەڵدا
کە شاعیرێك خیانەت لە جاڕی نێرگزێك دەکات

یەک کێش.......
وەک تەرزەیەک کە خۆی سپی کردووە
لە ڕۆژی هەینیدا ئەبارێو
ناهێڵێت دایکی شەهیدێک سەر لە گۆڕستان بدات
یەک میزاجیان هەیە.. ڕەش
هەر نەورەسێک
ویردەکانی ئەوان لەبەر نەکات
ئەوان هەر کاتێک هاتبن
شۆڕەبی شەوی لێ گۆڕاوەو
پەست بووە لە بینینی خۆر
زیخەکانی باشوور فێری ئەوە بوون
بە کۆرس قسان دەکەن
مارشی ئەوان گڤەی شوومەو هەرکات هاتبن
لە سایەی مەرحەمەتیانا
کچە هەورامییەک نەیتوانیوە
توێشەبەرەیەک نان بەرێت بۆ دڵدارەکەی
ئەگەر هەندێ جاریش شنەبا هەڵی کردبێو
بۆنی گەڵا گوێزێکی لەگەڵ خۆیا هێنابێ
ئەگەر شنەبا هەڵی کردبێو
هەورییەکی پاشماوەی ئەنفالی پێ بووبێ
تریفەی ئەم بەو ئاسمانە قاچاخەدا
زاکیرەی خومین بووە
بۆیە ئەگەر ئاسکێک لەوێڕاو بە ڕاگوزار
بهاتبایەو پرسیاری لێ بکردایە:
ئەرێ چەند گوڵە هێرۆیەکت
بەم ناوەدا نەدیوە؟
هاتبنە لاتو....
لوولەی تفەنگەکانیان ڕووەو زەوی نەوی کردبێ؟
ئەرێ بەڕاست
چەند مووروویەکت نەدیوە بەم ناوەدا
چاوەڕوانی منالێک بن بیاندۆزێتەوە؟
تۆ بەڕاست
گوێدرێژێکت نەدیوە
بەبێ خاوەن سەربار کرابێو...
نەزانێت بۆ کام قوتبی گەردوون ئەڕوات؟
شۆڕەبیی جوان..!

تو خۆتو ئەم تەنیاییەت
چەند نامەت خوێندووەتەوە
کە هەموویان رستەیەك بووبن
بەشی نیهادیان نووسرابێ‌و
بەشی گوزارەی چاوەڕوان؟
تو خۆتو ئەم عومرە ئاشوفتەیەت
کۆتەڵی چەند مەرگت کردووە
کە خۆت هەم ئازێبارو
هەم غەریقی ئەڵوەنی سوور
ئەو.... لەبەرزەخەوە
گێلاسەکانی نیشتمان ئەبینێ
چڵی دەوەنەکانی ئەو
ماڵەباجێنەیان لەبیرچووەتەوە
ئەمێستا ئەو مەریەمێکی سادیەو
غیرە ئەکا
هەر ئەڕواو ئاوڕ ناداتەوە
دوو پرچی لووڵی هەیە
یەکیان ناوی ئەنفالەو
ئەوی کەیان هەڵەبجەیە
گەورەیی ئەم شۆڕەبیەو
ئەم سووڕی متبوونەی کاتێ هەستی پێکرا
سەرکردەیەکی بەئەزموون لە جەنگو ئاشتیدا
دیدەنیی شۆڕەبیی کردبوو
جەنگاوەرێك بۆ ئەوەی چایەکی رێبوارانە لێ بنێت
رۆشتبوو چەن چڵێك لە شۆڕەبی بکاتەوەو
خاشاکێ لە سێبەریدا
کە ئەو بووبووە دڵنەواییکەر بۆیان
بیباتو کڵپەی ئاگری پێ خۆش بکات
کەچی ئەو سەرکردە جەسوورە
وتبووی:
کەس ئازاری ئەو شۆڕەبییە نەدا
حیکمەتێك لە بێدەنگیدا هەیە
بابڕۆینو....
هەموو یادگارییەکان
لە گۆو سنگو مەمکی خۆیدا بێت
سەیرە ئەمێستا ئەو شۆڕەبییە

تەتەرەکانی عوسمانلی گۆرانیی بۆ دەڵێن
پیاوەکانی قاجار
وەك دەشتی کەربەلا خۆشیان ئەوێت
وردە زیخەکانی باشوور
ئەڵێن چەندێ فاتیحەمان خوێندبێ
بە ڕۆحی ئەم باپیرانەی خۆمان بەخشیوە
ئەو لە تۆفانی نوحەوە هاتووە
کەچی دەیانەوێت بە سەراب داپۆشن
پەرچەمەکەی بگۆڕن
گومان لە نەسلی خۆی دروست بکەن
زمانی دووفاق بکەنو...
باسی ئەوەی بۆ ئەکەن
عەلی مەردان لە پڕمەی شەیتانەوە
فێری قەتاری ئەڵاوەیسی بووە
کەچی ئەو دڵتەرەی من هەموو ساڵێك
شۆخوشەنگ ئەبێتەوەو
لێرە بێ یاخود لەوێ
دڵەکەی هەر لەیلای ئەوێ*

*یەکێکە لە گۆرانییەکانی مامۆستا عەلی مەردان.